## سەید خەلیل ئالی نەژادـسان تەمویرەی کورد..

**بەختیار مام حەمید..**

ئێمەی کورد ژنی قارەمان و پیاوی زاناو داناو حەکیمی فرەمان هەس لە گشت بوارەکانی ژیان و هەڵکوتوی ناوداریی کاریگەریی نێونەتەوەیی جێدەستدیاری چاکامن هەیە لە مێژوودا،هەر لە شاجەمشیدو پەیامبەر نوح و پەیامبەر ئیبراهیم و کاوەی ئاسنگەرو کەیقوباد و پەیامبەر زەردەشت و شاکیسرای ساسانی تا دەگاتە مەزدەك و مانی و سەلاحەدینی ئەیوبی و سانسەهاکی بەرزنجی(کاکەیی) و ئیبن خەلەکان و شێخی ئیشراق(شەهابەدین سوهرەوەردی) و قازی موحەمەد و هەزارانی دیکەی ناودارو کاریگەر لە بوارەکانی ژیاندا نەوەی ئەم میللەتی کوردەن،ئێستا بە کورتی باسی ژیانی سان یان گەورای تەمویرەی کورد دەکەین کە رەحمەتی سەید خەلیل ئالی نەژادی یارسان(کاکەیی)ە،ئەم عرف و خواناسە هەقپەرستەی کورد بەداخەوە دواجار دوژمنانی کورد چاویان بەرایی نەدا پێشکەوتنی سەید ببینن و گەشەی ئەمیان قبوڵ نەکرد بۆیە لە تاراوگەو لە وڵاتی سوید شەهیدیان کردو گەشتەوە لای زاتی هەق کە خوای تاك و فەرزانایە،ئەم سانە کە تادواساتەکانی ژیانی لەتەك ئامێرو سازی دەنخۆشی (تەمویرە-تەمبور-تەنبور-تەنبورا) بەسەر برد لە هەمانکاتدا پەیرەوکارێکی بە ئیمانی دینی یارسان بوو،سەیدی خەلیل لە ساڵی ١٩٥٧ لە پارێزگای کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان هاتۆتە دنیاوە،دوای ئاشنابوونی لەتەك ئامێری تەمویرە بە ماوەیەك تەواو تێیدا توایەوەو گەشتە پلەی باڵا لە تەمویرەژەنندا،ئەم مامۆستا مەزنەی کوردو بواری تەمویرە رۆژ لە دوای رۆژ تواناکانی فراوانترو مەزنتر دەبوون و هەر کات تەمویرەی لێدەدا ئیتر رۆحی سەیدو رۆحی تەمویرە بە جۆرێك ئاوێزان دەبوون جیاکردنەویان لەیەك مەحاڵ بوو،بە داخەوە دوژمنانی کوردو یارسان ئەم مرۆڤە هەستناسکە بە توانایان لێسەندین لە ساڵی ٢٠٠١ لە وڵاتی سوید بە دەستی چەند کەیی نادیار لە دوژمنانی کورد شەهیدکرا،بەڵام وانەکانی و قوتابخانەکەی و تەمویرەکەی و (یاهەق یاهەق=یاخوا یاخوا)کەی و رێبازەکەی و هەر مانەوە بە زیندوویی و بوونە بەشێك لە مێژووی پرشکۆی گەلی داگیرکراوی کوردو ئەهلی هەق(یارسان=کاکەیی) و تەمویرەپەروەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان،

تەمویرە یەکێکە لە سازە دێرینە عیرفانی و رۆحانییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تایبەت گەلانی ئاریی و لە ناو ئەوانیشدا گەلی کورد،بە پێی هەندێك سەرچاوەی مێژوویی ئامێری تەمویرە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ٦ هەزار ساڵ لەمەوبەرو بەمەش دەبێتە کۆنترین ئامێری مۆسیقی-غیرفانی،مامۆستا جەلیل عەباسی دەڵێت لە هەندێ شوێن لە کوردستان پیرۆزیی تەمویرە بە رادەیەکە کە ژەنیاران بێ دەسنوێژ هەڵیناگرن و دەستی لێنادەن،ئەمە بە تایبەت لە ناو کوردانی ئەهلی هەق(یارسان)دا بوونی هەیە،